Bingöl Üniversitesi Yaşayan Diller Enstitüsü Dergisi
Yıl: 5, Cilt: 5 Sayı: 10, 2019/2, ss. 123-135

# پێوانەی واتای کار بە پێی تیۆری ئۆزگۆد

د.خەسرۆ ئەحمەد ڕەسول[1]

پوختە:

ئەم باسە) پێوانەی واتای کار بە پێی تیۆری ئۆزگۆد (لە دوو بەش پێکهاتووە .بەشی یەکەم بە ناونیشانی پێوانەی واتا لە دوو تەوەرە پێکدێت .تەوەرەی یەکەم لەژێر ناونیشانی، مەبەستەکانی پێوانەی واتایە .تەوەرەی دووەمیش ،هەولی هەندێك زانا لەبارەی پێوانەی واتا دەخاتە ڕوو .بەشی دووەمیش لەژێر ناونیشانی پێوانەی واتای کاردا ،چەند ناونیشانێك لەخۆدەگرێت ،کە بریتین لە) ،پێوانەی واتای کار و پەیوەندییە واتاییەکان ،پێوانەی کار بەهۆی کاریگەرییەوە ،بۆچوونەکانی لێکدانەوەی ڕستە و دیارکردنی کەرەستەکانی، پێوانەی واتای کارە دژیەکەکان لەژێر کاریگەریی ئۆزگۆددا .(لە کۆتاییشدا ،ئەنجام و سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی خراونەتەڕوو.

**وشەی کلیلی:** پێوانە ,واتا, کار ,ئۆزگۆد.

## Osgord Teorisine Göre Fiil Anlamını Ölçme

**Özet**

“Fiil Anlamı Ölçme” başlıklı yazı iki bölümden oluşmaktadır. “Anlamı Ölçme” başlıklı ilk bölüm iki alt bölüme ayrılmıştır. İlk alt bölüm “Anlamı Ölçmenin Amaçları”; ikinci alt bölüm “Bazı Akademisyenlerin Anlam Ölçme Girişimleri ve Denemeleri” konusuna ayrılmıştır. Makalenin ikinci bölümü “Fiil Anlamı Ölçme” ile ilgilidir, bu bölümde “Fiil Anlamı ve Anlambilimsel İlişkileri Ölçme, Etkisine Göre Fiil Ölçümü, Cümle Analizi ve Elemanlarının Tanımlanması, Ozgo’nun Etkisi Altında Fiil Ölçümü Üzerine Görüşler yer almaktadır. Bir sonuç ve bir referans listesi ile sona ermektedir.

**Anahtar Kelimeler:** Ölçme, Anlam, Fiil, Osgord.

---

1 بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر, بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی شەقلاوە
brwa.ahmed@gmail.com.

**Verb Meaning Measurement Based on Osgood’s Theory**

**Abstract**

The paper is divided into two chapters. The first chapter entitles “Meaning Measurement” is made up of two sections; the first section is devoted to “Objectives of Meaning Measurement” whereas the second one is about “Some Scholars attempt to Measuring Meaning”. The second chapter is entitled” Measuring Verb Meaning” includes several titles, namely, (Measuring Verb Meaning and Semantic Relations, Verb Measurement through Effectiveness, Views on Sentential Analysis and Specifying its Elements, and Measuring Verb Opposites Based on Osgood’s Effect). The paper ends with conclusion, summary and list of references in English.

**Key Words:** Meaning, Measurement, Verb, Osgood

**پێشەکی:**

**ناونیشان و بواری توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە بۆ (پێوانەی واتای کار بە پێی تیۆری ئۆزگۆد) تەرخانکراوە. توێژینەوەکە بە پێی تیۆری ئۆزگۆد واتای کار پێوانەدەکات. بواری توێژینەوەکە سیمانتیکە.

هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە: ئەوەی بووە هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە ئەوەیە، کە کار لەنێو ڕستەدا، بە پێی تیۆری ئۆزگۆد پێوانەی بۆ بکرێت.

کەرەستەی توێژینەوەکە: کەرەستە و نموونەی ڕستەکانی توێژینەوەکە لە شێوازی نووسینی دیالێکتی کوردیی ناوەڕاست وەرگیراوە.

ڕێبازی توێژینەوەکە: لەم توێژینەوەیەدا تیۆری ئۆزگۆد بۆ پێوانەی کار پەیڕەوکراوە.

ناوەڕۆکی توێژینەوەکە: توێژینەوەکە، جگە لە پێشەکی، لە دوو بەش پێکهاتووە.

بەشی یەکەم لەژێر ناونیشانی پێوانەی واتا لە دوو تەوەرە پێکدێت. تەوەرەی یەکەم لەژێر ناونیشانی مەبەستەکانی پێوانەی واتادا، چەند هەوڵێك بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەستەکانی واتا خراونەتەڕوو وەکو پێوانەی واتای بنەڕەتی و وشە دژیەکەکان لە ڕوانگەی ئۆزگۆدەوە، پێوانەی کاردانەوەی فسیۆلۆژی، پێوانەی جیاکاری و جیاوازی لە واتای دەروونیی ناوەوەی تاك و پێوانەی ڕووداو. تەوەرەی دووەم هەولی هەندێك زانا بۆ پێوانەی واتا دەخاتەڕوو ، لەوانە کۆفەر، ئۆزگۆد و ئاگرادی.

بەشی دووەم لەژێر ناونیشانی پێوانەی واتای کاردا، باسی ئەمانە کراوە، {بۆچوونی بنیادگەرەکان بە پێی پەیوەندیی سینتاگماتیکی و پاڕادیگماتیکی، پێوانەی کار بە هۆی

کاریگەرییەوە، هەروەها لەژێر ناونیشانی پێوانەی واتای کار و چەند بۆچوونێکی لێکدانەوەی ڕستە و دیارکردنی کەرەستەکان باسی ئەم بۆچوونانە کراوە (فەلسەفی، کویرك، فیلمۆر، کاتز و فۆدەر، هالیدای، ئۆزگۆد)}. لە کۆتاییشدا، ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەکە پێیگەیشتووە، لەگەڵ سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی خراونەتەڕوو.

(1) بەشی یەکەم: مەبەستەکانی پێوانەی واتا

(1/1) تەوەرەی یەکەم: مەبەستەکانی پێوانەی واتا بە شێوەیەکی گشتی

زمانەوانان هەولیانداوە بۆ ڕوونکردنەوەی چەند مەبەستێك واتا پێوانەبکەن، لەوانە:

(1/1-1) پێوانەی واتای بنەڕەتی و وشە دژیەکەکان: دانانی پێوەرێکی پلەدارە بۆ دیارکردنی پلەکانی وشە لەنێوان دوو وشەی دژیەکدا. لەم پێوانەیە لە هەر دوو جەمسەر پلەی دژیەك دروستدەبێت.( عمر، 1982 :43) ئەمەش پێوانەی ئۆزگۆدە، کە پێوانەیەکی حەوت پلەییە و ئاوەڵناوەکان دەگرێتەوە، بە تایبەتی ئەو ئاوەڵناوانەی بە هۆی دژیەکییەوە بەرامبەر یەکتر جووت دەوەستن. لە کاتی دیارکردنی پێوانەی ئاوەڵناوە دژواتاکان، وشەی دژواتا خۆیان جەمسەرەکان دەگرن، بەڵام لە نێوانیاندا، پلەی تر هەیە. (فەتاح، 1990: 67) نموونە بۆ پێوانەی ئۆزگۆد هەردوو ئاوەڵناوی (زیرەك – تەمبەڵ) وەردەگرین.

[زیرەك-کەمتر زیرەك-زۆرکەمتر زیرەك

(زیرەك نییە)

(تەمبەڵ نییە)

تەمبەڵ- کەمتر تەمبەڵ - زۆر کەمتر تەمبەڵ]

لەم حەوت پلەیەی سەرەوەدا، جیاکەرەوەی سیمانتیکی دەبینرێت.

(1/1-2) پێوانەی کاردانەوەی فسیۆلۆژی: ماکس و جاکۆبسن پێوانەکردنی ماسوولکەییان دیارکرد، بەو پێیەی ئەو جولانەوەی ئاخێوەر دەیکات، ڕەنگدانەوەی ڕاستی و واتان. (عمر،1982: 68) ئەو کەسەی قسەی لەگەڵ دەکرێت، کاردانەوەی دەبێت و گۆڕانکاری لەسەری بەدیاردەکەوێت، کە بەندە بە گۆڕانی واتاوە. ئەمەش پێوەرەکانی هێزی کاردانەوە، بەرەو پیرچوون و تۆمارکردنی لیکی دەم دەگرێتەوە.( یوسف، 1990 :137) هەروەها جولانەوەی برژانگیش دەگرێتەوە وەکو ئەو کاتەی تۆپیکی یاریکردنت بەرەو ڕوو بێت.( بونتنج،2003 :292) دەبینین مرۆڤ لە کاتی دەربڕینی هەندێك وشە، یا ڕستەدا، چەند جولەیەك ئەنجامدەدات. ڕازران پێوانەی لیکی دیارکرد و تاقیکردنەوەی

لەسەر چەند کەسێکی بە ڕەچەلەك ڕووسی کرد و چەند وشەیەکی بۆ وتن، ئەو وشانەی کە لە منداڵییەوە دەیانزانی لیکیان زۆر زیاتر بوو لەچاو ئەو وشانەی کە بە زمانی ئینگلیزی، فەڕەنسی، ئیسپانی و پۆلەندی بۆی وتن. (1957:12-13,Osgood)

(1/1-3) پێوانەی جیاکاری و جیاوازی لە واتای دەروونیی ناوەوەی تاك: کاتێك مرۆڤ گوێبیستی هەندێك وشە، یا ڕستە دەبێت، لە ناوەوەی خۆی گۆڕانی بەسەردادێت. (عمر،1982: 42) گرنگیی واتا لە جیاوازیی جۆراوجۆری کەسایەتیدا، زۆر ڕوون و ئاشکرایە، هەروەکو لە باری مشتومڕی نێوان دوو کەس، یا زیاتردەردەکەوێت. جاری وا هەیە کەسێك جۆرە لێکدانەوەیەك دەکات و دانبەخۆیدادەگرێت و نایەوێت هێڵی سووری نێوان خۆی و گوێگر ببەزێنێت و حسێبی ئەوە دەکات، کە دەبێت بگەڕێتەوە باری ئاسایی، بەڵام هەندێك کەسی تر ئەم حسێبە ناکات و شێوازی توندوتیژ بەکاردێنێت وەکو هەڕەشەکردن و....هتد. جاری وا هەیە کەسێك لە بارێکی دەروونیدا، گوێی لە هەمان ئەو ڕستانە دەبێت، کە پێشتر کاریگەری زۆریان بەسەر هەبووە، ڕەنگە ئەمجارەیان کاریگەرییەکە کەمتر بێت، یا بە پێچەوانەوە بێت. (1957:122,Osgood) واتا ڕۆڵێکی یەکجار گەورە لە چارەسەرکردنی دەروونیدا دەگێڕێت و ئەمڕۆ پزیشکانی دەررونی وەکو ڕێگایەك بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییە دەروونییەکان بەکاریدێنن.

(1/1-4) پێوانەی ڕووداو: مەبەست لە ڕووداو، کاری ڕستەیە. هەموو ڕستەیەك کاری هەیە و کاریش ڕۆڵێکی هەرە گرنگ لە ڕۆنان و واتای ڕستە دەبینێت. کار سەرەیە و کەرەستەکانی تری ڕستە هەڵدەبژێرێت. "سیمانتیکیش بایەخ بە دەستنیشانکردنی ئەو وشانە دەدات، کە لە سنووری ڕستە لەگەڵ یەکتر دەردەکەون، لەبەرئەوە دەبێت وشەکان پابەندی ئەو جۆرە دەستنیشانکردنە بن." (عەلی، 1998 :35) لەو جۆرە هەڵبژاردنەدا، کار توانایەکی زۆری هەیە بۆ هەڵبژاردنی کەرەستەکانی تری ڕستە. بە بۆچوونی تیسنەریش، " توانای کار بە هۆی ژمارەی ئەو ناوانەی بەخۆیەوە بەند دەکات، پیوانەدەکرێ." (سەعید، 1990 :42)

(1/2) تەوەرەی دووەم: هەولی هەندێك زانا لەبارەی پێوانەی واتا

(1/2-1) لە ساڵی 1951(کۆفەر) ڕێگای جیاتاکی داهێنا. ئەم بیرۆکەشی لە ئەنجامی یارییە ئەندازەییەکانی منداڵانەوە بۆ هات ، کە یارییەك لە چەند تەنێکی شێوە لاکێشەیی پێکهاتبوو، بەڵام دانەیکیان سێگۆشەبوو، یا بەپێچەوانەوە. کۆفەر تاقیکردنەوەی لەسەر چەند کەسێك کرد. چەند وشەیەکی بۆ ئەو کەسانە وت و داوای لێکردن، ئەم وشەیە هەڵبژێرن، کە لەگەڵ وشەکانی تر ناگونجێت. بۆ نموونە ئەگەر وشەکانی (قوتابخانە، پەرستگا، مزگەوت، نوێژ) درا بەو کەسانە، ئەوا دەبینین دوو وشە هەن کە ناگونجێن، ئەو کەسەی

کە چەمکی ئایینی لا بەهێزە، ئەوا وشەی (قوتابخانە)هەڵدەبژێرێت، بەڵام ئەو کەسەی کە چەمکی ساختمانی لازاڵە، ئەوا وشەی نوێژ هەڵدەبژێرێت. (الحمدانی:176:1982)

(1/2-2) ئۆزگۆد لە ساڵی 1952 هەوڵیداوە، کە پێوانەیەك بۆ واتا دیاربکات و چەندین نووسینی لەم بوارەدا هەیە. ئۆزگۆد جیاکەرەوەی سیمانتیکی دانا. پێوانەی ئۆزگۆد دەربارەی ئاوەڵناوە دژ واتاکان بوو. ئەم زانایە سەرەڕای ئەوەی ڕێگەی بۆ توێژەران خۆشکرد دەربارەی پێوانەی هێماکانی وشە و واتا دەروونییەکان لای تاك، لە بوارەکانی ڕەوشتی جوداش دواوە وەکو ئاماژە و پەیوەندی، زمانەوانی، جوانی، ڕاگەیاندن، کەسایەتی و چارەسەری دەروونی. (عطية:١٩٧٥:٨٩ )

(٣-٢/١) ویلیام اگرادی لە کتێبەکەی، لە ڕووی فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی و سینتاکسەوە باسی ڕێگای بانگەشەی وشەیی دەکات. لە ڕووی سینتاکسەوە باسی ڕیزبوونی کەرەستەکانی ڕستە دەکات.( اگرادی،١٣٨٠ :٧١٥) بۆ نموونە، کە ئەزموونکار لە بەرامبەر شاشەی کۆمپیوتەر دانیشتووە و ڕستەی دەدرێتێ، کە سەیر دەکات ئەو ڕستەیە بە پێی سیستەمێکی سینتاکسی بۆ نموونە (بکەر- بەرکار- کار) ڕیزبووە، ئەگەر ئەزموونکار کورد بێت، یەکسەر بیری بۆ کاری تێپەڕ دەچێت، کە بەشداری ئەم جۆرە ڕیزبوونە دەکات و وای کردووە دوو چاڵەکەی تر (بکەر و بەرکار) هەڵبژێرێت. هەروەها ئەو ڕستانەی دێتەوە یاد، کە بە هەمان سیستەم ڕیزبوون.

(٢) **بەشی دووەم:** پێوانەی واتای کار

(١/٢) پێوانەی واتای کار و پەیوەندییە واتاییەکان

بنیادگەرەکان لە لێکدانەوەکانیاندا بۆ دەستنیشانکردنی واتای ڕستە، دوو جۆر پەیوەندی لە نێوان توخمە پێکهێنەرەکاندا دیاردەکەن، کە بریتین لە پەیوەندیی سینتاگماتیکی (هاونشینی) و پەیوەندی پاڕادیگماتیکی (جێنشینی)، بەم شێوەیە:

أ- پەیوەندیی سینتاگماتیکی: پەیوەندییەکی ئاسۆییە لە نێوان کەرەستەکانی ڕستە. ئەم کەرەستانە کاریگەرییان بەسەریەکەوە هەیە. کار دەسەڵاتێکی فراوانی هەیە و بە وێنەی زنجیرە کەرەستەکانی ناو ڕستەی بەخۆیەوە بەستووەتەوە و هەڵیبژاردوون. بۆ نموونە کاری (دوورییەوە) گەنمەکە بۆ کارتێکراو و جووتیارەکە بۆ کارا هەڵدەبژێرێت.

ب- پەیوەندیی پاڕادیگماتیکی: پەیوەندییەکی ستوونییە، لە نێوان ئەو وشانەدا دروستدەبێت، کە دەتوانین لەناو ڕستەیەکی دیاریکراودا لەجیاتی یەکتر بەکاریان بێنین. ئەو کارەی کە لە جیاتی کارێکی تر بەکاردێنین، هەمان ڕۆڵ لە هەڵبژاردنی کەرەستەکانی تری ڕستە دەگێڕێت. بۆ نموونە لە ڕستەی:

-باخەوانەکە نەمامەکەی چاند.

ئەگەر لە جیاتی کاری (چاند)، کاری (ڕواند)، یا کاری (ناشت) بەکاربێنین، ئەوا هەمان ڕۆڵی کاری (چاند) دەبینن، کەواتە کار کەرەستەیەکی سەرەکیی ڕستەیە و ناتوانرێت لابىرێت، چونکە واتای ڕستە بریتییە لە» کۆی واتای وشەکان + کاریگەریی ڕێزمانی). (دزەیی، ٢٠٠٥: ٩٤) بەم پێیە کار بە هەڵبژاردنی کەرەستەکانی تری ڕستەش پێوانەدەکرێت.

(٢/٢) پێوانەی کار بەهۆی کاریگەرییەوە: کار لە ڕووی کاریگەرییەوە، دوو جۆرە، کە بریتین لە:

أ- کاری تێنەپەڕ: کاری تێنەپەڕ دوو چاڵ پڕدەکاتەوە. واتە دوو کەرەستە بەشداری لە ڕۆنانی ڕستە دەکات. ئەوانیش بریتین، لە بکەر و کار. بە واتایەکی تر، کاری تێنەپەڕ یەك کەرەستەی دەوێت.

ب- کاری تێپەڕ: کاری تێپەڕ سێ چاڵ پڕدەکاتەوە. واتە سێ کەرەستە بەشداری لە ڕۆنانی ڕستە دەکات. ئەوانیش بریتین، لە بکەر، بەرکار و کار. بە واتایەکی تر، کاری تێنەپەڕ دوو کەرەستەی دەوێت.

ئەو کەرەستانەی بەشداری لە ڕۆنانی ڕستەی کار تێنەپەڕ، یا کار تێپەڕ دەکەن لەخۆوە نییە، بەڵکو لە کاتی بەکارهێنانیان لە ڕستەدا، دەکەونە بەر دوو کۆت، کە بریتین لە «پەسندی ڕێزمانی و پەسندی واتا». (سەرچاوەی پێشوو: ٩٤) نموونە بۆ کاری تێنەپەڕ:

- کاری (تۆراوە) کارێکە لە ڕووی کاریگەرییەوە تێنەپەڕە و بکەرێك هەڵدەبژێریت، کە کارا بێت و لەگەڵیدا بگونجێت. کاری ( تۆراوە) لە ( ژنەکە، کچەکە، پیاوەکە، فیلەکە)، کامەیان هەڵدەبژێرێت؟ بە پێی پەسندی واتایی، ژنەکە هەڵدەبژێرێت و ئەوانی تر دەکەون.

- کاری (زەڕی) پەسندی واتایی لەگەڵ کام لەمانە هەیە؟ (کەر، ئەسپ، پیاو، شێر). کاری زەڕی ڕێککەوتنی واتایی لەگەڵ کەر هەیە.

- کاری (هەڵات) دوو واتای هەیە، ئەگەر بە واتای ( ڕاکردن) بێت، بە پێی پەسندی واتایی لە (مەلۆتکەکە، منداڵەکە، هەنگەکە)، منداڵەکە هەڵدەبژێرێت، بەڵام ئەگەر بە واتای (دەرکەوتن) بێت، بە پێی پەسندی واتایی لە (خۆر، پێڵاو، کراس)، خۆر هەڵدەبژێرێت.

نموونە بۆ کاری تێپەڕ:

کاری (هاڕی) بەرکارێك هەڵدەبژێرێت، کە ئەو کارەی بەسەردا جێبەجێ بکرێت و لە (کۆمپیوتەر، ئاو، گەنم) دا، بە پێی پەسندی واتایی (گەنم) هەڵدەبژێرێت. هەروەها بکەرێك هەڵدەبژێریت، کە کارا بێت و سیمای (+مرۆڤ +نێر + هەراش + شارەزایی لە هاڕین) ی تێدابێت و لە (ئاشەوان، دارەوان، گاوان) دا، ئاشەوان هەڵدەبژێرێت.

نموونەیەکی تر: کاری (موتوربەدەکات) بەرکارێك هەڵدەبژێرێت، کە ئەو کارەی بەسەردا جێبەجێ بکرێت و لە (دارەکە، دەرگاکە، پانکەکە) دا، بە پێی پەسندی واتایی (دارەکە) هەڵدەبژێرێت. هەروەها بکەرێك هەڵدەبژێریت، کە کارا بێت و سیمای (+مرۆڤ +نێر + هەراش + شارەزایی لە موتوربەکردنی) ی تێدابێت و لە (باخەوان، ئاسنگەر، بۆیاغچی) دا، باخەوان هەڵدەبژێرێت.

(٣/٢) پێوانەی واتای کار و چەند بۆچوونێکی لێکدانەوەی ڕستە و دیارکردنی کەرەستەکان

(٣/٢-١) بۆچوونی فەلسەفییانە: ئەم بۆچوونە کەرەستە سەرەکییەکان دیاردەکات و لۆجیکییانە ناویان لێدەنێت. کەرەستەکانیش بریتین لە بنە و بار. (سەعید، ١٩٩٠ :٢٥) بۆ نموونە: نەوزاد ڕۆیشت.

ڕۆیشت<نەوزاد>

بار بنە

لەم ڕستەیەی سەرەوەدا، ڕۆیشت بارێکە بەسەر نەوزاددا، هاتووە.

نموونەیەکی تر: ئەنەس سێو دەخوات.

دەخوات< ئەنەس سێو>

بار بنە١ بنە٢

لەم ڕستەیەی سەرەوەدا، دەخوات بارێکە بەسەر هەردوو بنەی ١(ئەنەس) و بنەی ٢(سێو) دا، هاتووە.

(٣/٢-٢) بۆچوونی کویرك: کویرك چەند کەرەستەیەك بۆ ڕستە دیاردەکات، کە بریتین لە کارا، کارتێکراو، بەرهەم، ئامێر، هێز، کات، شوێن، کار/بار (Fodar,١٩٩٧:٤٨ )

بۆ نموونە: بایەکە گەڵاکانی هەڵوەراند.

هەڵوەراند< بایەکە گەڵاکان>

کار هێز کارتێکراو

لەم ڕستەیەی سەرەوەدا، کاری هەڵوەراند هێز و کارتێکراوی هەڵبژاردووە.

نموونەیەکی تر: ئێمە دووسبەی دەچینە سەرچیاکە.

دەچین < ئێمە، دووسبەی، ە سەرچیاکە>

کار کارا کات شوێن

لەم ڕستەیەی سەرەوەدا، کاری دەچین کارا و کات و شوێنی هەڵبژاردووە.

پ- بۆچوونی فیلمۆر: فیلمۆر لە سەرەتادا چەند کەرەستەیەکی دیارکرد، دواتریش هەندێك کەرەستەی تری زیادکرد، کە بریتین لە (کارا، ئامێر/ هۆ، ئەزموونکار، کار، شوێن، بەرکار، کەسی بەرامبەر، سەرچاوە، ئامانج).» (سەعید، ١٩٩٠ :٦٢) بۆ نموونە: من گۆڤارەکەم خستە جانتاکە.

خست <من ، گۆڤارەکە، جانتاکە>

کار کارا بەرکار شوێن

لەم ڕستەیەی سەرەوەدا، کاری خست کارا و بەرکار و شوێنی هەڵبژاردووە.

(٣/٢-٣) بۆچوونی کاتز و ڤۆدەر: ئەم بۆچوونە لە ساڵی ١٩٦٣ لەلایەن کاتز و ڤۆدەرەوە هاتەکایەوە، کە بووە یاسای سیمانتیکیی گوێزانەوە، چونکە لەسەر بناغەی یاساکانی گوێزانەوەی چۆمسکی دامەزراوە. (لاینز:١٩٨٧:١٦٦)

لەم بۆ چوونەدا ئەگەر ڕستەیەك لەگەڵ واقیعدا نەگونجا، دەڵێت ناوێزەیە و ئەو ڕستەیە هەڵدەبژێرێت، کە لە هەموویان گونجاوترە. لەم بۆ چوونەدا وشە چەند واتای هەبێت، لێکیدەداتەوە، واتە چەند واتا هەبێت، ئەوەندە ڕستەمان دەبێت و بە پێی یاسای کەوتن هەندێك لەو وشانە دەکەون، بۆ نموونە: نەسرین شیری فرۆشت.

کاری فرۆشت شیری هەڵبژاردووە، کە بەرکارە. شیر دوو واتای هەیە، یەکیان شیری خواردنەوە و ئەوی تریان شمشێرە، بەڵام شمشێر دەکەوێ، چونکە نازدار ناوی کچان و گەنجانەیە و سیمای (+مرۆڤ +هەراش +مێ) یە. کاری فرۆشت نازداری هەڵبژاردووە، کە کارایە.

لەم ڕستەدا نەسرین یەك واتای هەیە.

شیر دوو واتای هەیە.

فرۆشت یەك واتای هەیە.

کەواتە١×٢×١=٢ ڕستە.

واتە دەبێت دوو ڕستە هەبێت.

(٣/٢-٤) بۆچوونی هالیدای: هالیدای چوار جۆر کار دەستنیشاندەکات کە بریتین لە:

1- کاری ڕووداو -2 کاری بارگەیەن -3 کاری ڕەوشتی -4 کاری دەروونی)دزەیی: (94 -93 :2005،

1- کاری ڕووداو-:ئەو جۆرە کارەیە ،کە جووڵەی تێدایە و خۆکردە و لە ژێر کاریگەری بکەر دایە ،تێپەڕن و بکەرەکەی دەبێت کارابێت و دەستی لە ڕوودانی کارەکە هەبێت ).سەرچاوەی پێشوو(92:

بۆ نموونە: نەوزاد شووشەکەی شکاند.

ڕووداوی شکاند بەرکارێکی هەڵبژاردووە، کە کارەکەی بەسەر جێبەجێبکرێت، کە (شووشەکە) یە و کارایەکیشی هەڵبژاردووە، کە نەوزادە.

2- کاری بارگەیەن: ئەو جۆرە کارە جووڵەی تێدا بێت، یان نەبێت ئەوا خۆنەکردە و لە ژێر دەسەڵاتی بکەردا نییە و لە دوو لەت پێکهاتووە، لەتێکی بەزۆری (ئاوەڵناو ئاوەڵکار،یان ناوی بکەرە......) لەتەکەی تری کاری داڕێژراوە، بە تایبەتی کاری بوون. ( سەرچاوەی پێشوو:93)، یان ئەو کارانەی وەك کاری بوون ڕەفتار دەکەن.

بۆ نموونە: کوڕەکە قەڵەوە.

کوڕەکە (بارمەند) ەو قەڵەوە (بار) ە.

بکەرەکە هەڵگری سیفەتەکەیە و پێی دەووترێ بارمەند و کارەکە پێی دەوترێ بار. بارەکە بارمەندەکەی هەڵبژاردووە.

3- کاری ڕەوشتی: ئەم جۆرە کارە پەیوەندی بە دەروون و هەست و پەیبردن و بیرکردنەوە هەیە و ڕووداوی تێناکەوێ. (سەرچاوەی پێشوو:93). دەبێت بکەر مرۆڤ بێت. لێرەدا بکەر(ئەزموونکارە) و کار (دیاردە) یە. دیاردەش لە نێو مێشکی مرۆڤ دایە.

بۆ نموونە: ئەو حەزی لە قسەیە.

ئەو(ئەزموونکارە) و حەزی لە قسەیە (دیاردە) یە.

لەم ڕستەدا دیاردە ئەزموونکاری هەڵبژاردووە.

4- کاری دەروونی: ئەو جۆرە کارە وەسفی ڕووداوێکی فیزیکی دەکات، کە جووڵەی تێدایە و ڕووداوەکەش بەسەر کەس تێناپەڕێ. (سەرچاوەی پێشوو:94-93)

لێرەدا بکەر (ڕەوشتکار) ەو کاریش(ڕەوشتە) .

بۆ نموونە لە ڕستەی: کوڕەکە پێکەنی.

کوڕەکە(ڕەوشتکار) ەو پێکەنی (ڕەوشتە).

لەم ڕستەدا ڕەوشتی (پێکەنی)، ڕەوشتکار (کوڕەکە) ی هەڵبژاردووە.

(2-4) پێوانەی واتای کارە دژیەکەکان

ئۆزگۆد لە ساڵی 1957 کتێبێکی بە ناوی Meaning of Measurment The (پێوانەی واتا) بڵاوکردەوە، کە تیایدا باسی کاریگەری واتا لەسەر چارەسەری دەروونی دەکات( Osgood, 1957:122) ئۆزگۆد لە باسەکەیدا، باسی ئاوەڵناوە دژیەکەکان دەکات و حەوت پلەیان بۆ دیاردەکات، من لەژێر کاریگەری ئۆزگۆددا، پیوانەیەکم بۆ کارە دژیەکەکان داناوە و بە هۆی مۆرفیمی ڕادە و نەریَ دە پلەم بۆ دیارکردوون. ئەم بۆچوونە چەندین کاری زمانی کوردی دەگرێتەوە بەتایبەتی ئەو کارە لێکدراوانەی کە ئاوەڵناو بەشداری ڕۆنانیان دەکات، واتە لە دوو کاری لێکدراودا، دوو ئاوەڵناوی دژبەیەك بەشداری ڕۆنانی کارەکانیان کردبێت. هەروەها ڕادە و مۆرفیمی نەرێش ڕۆڵێکی بەرچاو لەم کردەیە دەبینن. بۆ نموونە، دوو بەرگدرووی پەردە، یەکێکیان کارامەیە لە کارەکەیدا و ئەوی تر تازە فێربووە و هەریەکەیان دەیەوێت چەند نەخشێك لەسەر پەردەکان ئەنجامبدەن. پێوانەکان بەم شێوەیە دەبێت:

1- پەردەکەی زۆر زۆر جوانکرد.

2- پەردەکەی زۆر جوانکرد.

3- پەردەکەی کەمێك جوانکرد.

4- پەردەکەی جوانکرد.

5- پەردەکەی جوان نەکرد.

6-پەردەکەی زۆر زۆر ناشیرینکرد.

7- پەردەکەی زۆر ناشیرینکرد.

8- پەردەکەی کەمێك ناشیرینکرد.

9- پەردەکەی ناشیرینکرد.

10- پەردەکەی ناشیرین نەکرد.

نموونەیەکی تر:

1- چایەکە زۆر زۆر شیرین بوو.

2- چایەکە زۆر شیرین بوو.

3- چایەکە کەمێك شیرین بوو.

4 - چایەکە شیرین بوو.

5- چایەکە شیرین نەبوو.

6-چایەکە زۆر زۆر تاڵ بوو.

7- چایەکە زۆر تاڵ بوو.

8- چایەکە کەمێك تاڵ بوو.

9- چایەکە تاڵ بوو.

10- چایەکە تاڵ نەبوو.

نموونەیەکی تر:

1-ژوورەکەی زۆر زۆر پاککردەوە.

2- ژوورەکەی زۆر پاککردەوە.

3- ژوورەکەی کەمێك پاککردەوە.

4 - ژوورەکەی پاککردەوە.

5- ژوورەکەی پاك نەکردەوە.

6- ژوورەکەی زۆر زۆرپیسکردەوە.

7- ژوورەکەی زۆر پیسکردەوە.

8- ژوورەکەی کەمێك پیسکردەوە.

9- ژوورەکەی پیسکردەوە.

10- ژوورەکەی پیس نەکردەوە.

لەم نموونانەی سەرەوەدا، ئەم ڕستانە دژبەیەك دەوەستن:

أ- ڕستەی یەکەم و شەشەم.

ب- ڕستەی دووەم و حەوتەم.

ت- ڕستەی سێیەم و هەشتەم.

ج- ڕستەی چوارەم و نۆیەم.

ح- ڕستەی پێنجەم و دەیەم.

**ئەنجامەکان:**

1- لە زمانی کوردیدا، کارە دژیەکەکان، ئەو کارە لێکدراوانەن، کە لە ڕستەدا ئاوەڵناو بەشداری ڕۆنانیان دەکات.

2- ڕادە بەشداری ڕۆنانی ڕستەکان دەکات و بە هۆیەوە ڕستەی دژیەك دروستدەبێت.

3- مۆرفیمی نەرێ بەشداری ڕۆنانی ڕستەکان دەکات و بە هۆیەوە ڕستەی دژیەك دروستدەبێت.

4- ڕستە دژیەکەکان بریتین لە:

-ئەو دوو ڕستەیەی کە دوو مۆرفیمی ڕادەی تێدایە.

-ئەو دوو ڕستەیەی کە مۆرفیمێکی ڕادەی تێدایە.

-ئەو دوو ڕستەیەی کە مۆرفیمێکی نەرێی تێدایە.

-ئەو دوو ڕستەیەی کە پلەی ئەو ئاوەڵناوەی بەشداری ڕۆنانەکەی کردووە، چەسپیوە.

سەرچاوەکان:


أ-بە زمانی کوردی

1- دزەیی، عەبدولواحید موشیر (2005)، ڕەهەندی دەروونی لە بواری ڕاگەیاندندا، هەولێر.

2- سەعید، یوسف شەریف (1990)، دۆخەکانی ژێرەوە لای فیلمۆڕ و هەندێ لایەنی ڕستەسازی کوردی، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

3- عەلی ، تالیب حوسێن (1998)، واتاسازی وشە، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.3

4- فەتاح، محەمەد مەعروف (1990)، زمانەوانی، بەغدا.

ب- بە زمانی فارسی

5- اگرادی، ویلیام ودیگران، (1380هجری شمسی)، زبان شناسی معاصر، ترجمه علی درزی، جلد دوم، تهران.

پ- بە زمانی عەرەبی

٦- الحمداني، موفق (١٩٨٢)، اللغة و علم النفس، مطابع مديرية و الكتب للطباعة و النشر، جامعة الموصل.

٧- بونتنج، كارل ديتر (٢٠٠٣)، المدخل الى علم اللغة، ترجمة و تعليق سعيد حسن بحيري، مؤسسة المختار للنشر و التوزيع، جامعة عين الشمس.

٨- عطية، نوال محمد (١٩٧٥)، علم النفس اللغوي، مكتبة الانجلو المصرية، طبعة/ا، القاهرة.

٩- عمر، احمد مختار (١٩٨٢)، علم الدلالة، مكتبة دار العروبة للنشر و التوزيع،طبعة /ا ، الكويت.

١٠- لاينز، جون (١٩٨٧)، اللغة و المعنى و السياق، ترجمة، عباس صادق الوهاب، طبعة /ا، بغداد.

١١- يوسف، جمعه سيد (١٩٩٠)، سيكولوجية اللغة و المرض العقلي، سلسلة علم المعرفة، سلسلة (١٤٥)، الكويت.

ت- بەزمانی ئینگلیزی

12 -Fodar,j.D ,(1977) Semantic Theories of Meaning in Generative Linguistics ,Crowell, Newyork.

13 -Osgood ,Charles Egerton ,(1957) The Measurement of Meaning ,publisher-university of Ilinoispress,U.S.A